"وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de




# کۆکا کۆلا چیە؟

نوسەر دیار نیە!

وەرگێڕی ئاڵمانی Kai Hackemesser 4.3.2002

*وەرگێڕان بۆ کوردی ئەیوب ڕەحمانی*

## هەڵسەنگاندنێکی کورتی کۆکا کۆلا و ئاو

## بۆ زانیاری:

1- مادەی ئەسڵی بە کار هاتو لە کۆکا کۆلادا ئەسیدی فوسفۆرە کە ئەرزشی پ. ها تێیدا 2.8 بەراوەرد دەکرێت. بە مانایێکی تر ئەو فسفۆرە بەو ئەرزشە گەورەی پ. ها دەتوانێت بۆ نمونە نینۆکێک لە 4 ڕۆژدا لە ناو خۆی حەڵ بکات. ئەسیدی فوسفۆر هەروەها کالیسیۆمی ئێسکەکانی لەشی مرۆڤ لە بەین دەبا و هۆی سەرەکیە بۆ سەرهەلدانی نەخۆشیکی ئێسک بە ناوی کرانەوەی ئێسک "Osteoporose"!

2- ئەو کامیۆنەی کە بۆ ترانسپۆرتی مادەی سەرەکی کۆکا کۆلا بە کار دەهێنرێت بە بێ قەید و شەرت دەبی لە سەری بنوسرێت کە ئەم کامیۆنە مادەی شیمیایی پڕ خەتەری پێیە!

3- فرۆشەرانی کۆکا کۆلا بۆخۆیان ئەوە دەچێ بۆ 20 ساڵ، کە بۆ خاوێن کردنەوەی موتوری کامیۆنەکانیان ئەم مادە بەکار دێنن!

# کۆکا کۆلا و هێندێک زانیاری تەکنیکی!

1- لە زۆربەی شارەکانی ئەمەریکا، ماشینە گەشتیەکانی ڕێگا و بان، 2 گالۆن کۆکا لە گەڵ خۆیان هەڵدەگرن بۆ ئەوەی کە ئەگەر هاتو تەسادوفێک ڕویدا و خوێن ڕژا سەر جادەکە، خوێنەکەی پێ بشۆنەوە!

2- لەتێک گۆشت بە ئێسکەوە بخەرە ناو کاسەیکەوە و کۆکای بە سەر دا کە و 2 ڕۆژ لێ گەڕێ، دوایی سەیری کە، کاسەکە بەس کۆکای تێدایە، ئێسک و گۆشتەکە حەل بوون تێیدا!

3- بۆ ئەوەی کە کاسەی توالێتەکەتان خاوێن کەیەوە، بتلێک کۆکا کۆلا، "ئەم مادە موعجیزە گەرە پاکەرەوە" بکە ناو توالێتەکەتان و 1 سەعات لێ گەڕێ و پاشان ئاوی پیا کە. Ascorbinsauere ئەو مادەیەی کە لە ناو کۆلاکەدا هەیە، ڕسوبی کاسە کرامیکیەکە هەڵ دەکەنێت و بریقەداری دەکات!

4- بۆ ئەوە کە ژەنگی سپەری کرۆمی کراوی ماشینێک پاککەیەوە: شوێنی ژەنگەکە بە وەرەقەیێکی ناسکی گلۆڵە کراوی ئالیمینیۆم Aluminiumfolie کە پێشتر لە کۆکات هەڵکێشابێت، داماڵە!

5- بۆ ئەوەی کە ژەنگی باتری ماشین، لە شوێنی قوتبەکان کە کابلەکەی لێ دەدرێ پاک کەیتەوە: کۆکا بکە بە شوێنی ژەنگەکەدا، با بە چاوی خۆت کرانەوەی ژەنگەکە ببینیت!

6- بۆ کردنەوەی پێچ و مۆرەیێکی ژەنگاوی: پارچەیێک لە کۆکا کۆلا هەڵکێشە و چەند دەقەیێک بیدە بە سەر پێچ و مۆرەکەدا، دوایی بە دەست دەکرێتەوە!



PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

7- بۆ ئەوە کە گۆشتی ڕان بە باشی ببرژێنیت و تامی لێ بچێژی: بتلێک کۆکا کۆلا بڕێژە ناو تاوەی فڕەکەوە و پاشان گۆشتەکەت لە وەرەقەی ئالومینیۆمەوە بپێچەرەوە و بیبرژێنە. سی دەقیقە دواتر، پێش ئەوە کە گۆشتەکە تەواو ببرژێت، وەرەقە ئالومینیۆمیەکەی لێ بکەرەوە، بۆ ئەوە کە ڕۆن و ئاوی گۆشتەکە بە باشی تێکەلی کۆکا کۆلاکە بێت. بەم شێوە دەتوانیت سۆسێکی قاوەیی بە تام بۆ خۆت دروست کەیت!

8- بۆ ئەوە کە پەڵی چەوری لە جلەکانت بکەیەوە: جلەکانت بخەرە ناو مەکینەی جل شوریەکە و بتلێک کۆکا کۆلا بکەرە ناوی. تایدی تێکە و مەکینەکە بە پێی پرۆگرامی خۆت هەڵ کە. بتلە کۆکا کۆلاکە چەورییەکە لا دەبات. کۆکا هەروەها چەوری شیشەی ماشینەکەشت بۆ لا دەبات!

# ئاو

1- 1.75 دەرسەدی هەمو ئەمریکایەکان بە شێوەێکی خەتەرناک لە ناو لەشیاندا توشی بێ ئاوین chronisch dehydriert . ( ئەم بێ ئاوی ناو لەشە نیوەی خەلکی جیهانیش لە خۆ دەگرێت)

2- لە 37 دەرسەدی خەلکی ئەمریکا حسی تێنویەتی زۆر زەعیفە، بە جۆرێک کە ئەغلەب لە گەڵ برسیەتی هەڵە دەکرێت. ئەو کەسە پێی وایە برسیەتی، بەڵام لە ئەسڵا تینووە و جسمی پێویستی بە ئاوە نەک بە خواردن.

3- تەنانەت توشی بێ ئاوی Dehydrierung بونێکی کەمیش، سوتانی خواردنی (سوخت و ساز)ی ناو لەش تا 3 دەرسەد دێنێتە خوارەوە.

4- نزیک 100 دەرسەدی ئەو کەسانەی کە پارێز یا ڕژیمیان هەیە، بە لیوانێک ئاو برسیەتی شەوانەیان دەشکێت و نامێنێت، ئەم موتالیعاتە لە دانشگایێکی واشنگتۆن کراوە.

5- کەمی ئاو لە ناو لەشدا، سەبەبی ژمارە یەکە بۆ ماندوویی ناو ڕۆژ.

6- موتالیعاتی تازە ئەوەمان پێ دەڵێ کە خواردنەوەی 8 تا 10 لیوان ئاو لە ڕۆژدا، پشت ئێشە و ئێشی ناوەندی دو ئێسک (مەفسەل ئێشە) لە ناو 80 دەرسەدی ئەو نەخۆشانەی کە توشی ئەو دەردانەن کەم دەکاتەوە.

7- تەنانەت نەمانی 2 دەرسەد ئاوی لەشی مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەێکی کورتیش بێت ئیراد لە حافیزەی مووەقەت، مەشاکیل لە حیسابە پایەیەکاندا و هەروەها موشکیلی چاوتێبڕین لە وێنەێک یا سەفحەی کامپیوترێک دروست بکات.

8- بە خواردنەوەی 5 لیوان ئاو لە ڕۆژدا، ریسکی سەرەتانی ریخۆڵە گەورە تا 45 دەرسەد کەم دەبێتەوە، ریسکی سەرەتانی مەمک تا 79 دەرسەد دێتە خوارەوە و هەروەها 50 دەرسەد ریسکی سەرەتانی میزەڵان (مەسانە) دا ئەبەزێت.

## کە واتە هەمو ڕۆژێک هەتا دەتوانن ئاو زۆر بخۆنەوە

ئێستاش ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: دەفەرمون لیوانێک ئاوتان بۆ بێنم یا لیوانێک کۆکا کۆلا؟

سەرچاوەی ئاڵمانی: http://www.hackemesser.de/Wasser.html

Corrosiveبە مانای تێکدەر، خۆرە، خراپکەر، فاسدکەر وهتدە....






PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com